هاوپەیمانیی کوردستان
التحالف الكردستاني
٣٧٢

دەنگدان بەلیستی هاوپەیمانیی
دەنگدانە بەمانەوەی پێشمەرگە

# ئایا عەممار حەکیم پشتیوانی لەئەیاد عەلاوی دەکات؟

## تورکیا ملیۆنێک دۆلار بەبەرەی تورکمانی دەدات و ئامادەی هاوکاریکردنی عەلاویشە

راپۆرتی: پێشەوا خالید

بەپێی سەرچاوەکان لەئێستادا هەردوو لیستی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی بەسەرۆکایەتی عەممار حەکیم و لیستی عێراقییە بەسەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی لێکنزیکبوونەتەوە بۆ بەستنی هاوپەیمانێتییەک لەدوای کۆتاییهاتنی هەڵبژاردنەکەی ٧ی مانگی داهاتوو، چەند سەرچاوەیەکیش ئاماژە بەوەدەکەن؛ تورکیا هەموو ئامادەکارییەکی پێشانداوە بۆ هاوکاریکردنی لیستی عێراقییەی عەلاوی.

### بۆچی تورکیاو سوریا هاوکاری عەلاوی دەکەن؟

بەپێی چەند سەرچاوەیەکی رۆژنامەوانی، بۆ هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق، حکومەتی تورکیا هاوکاری لیستەکەی ئەیاد عەلاوی سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق دەکات.

ئەو سەرچاوانە ئاماژە بەوەشدەکەن؛ کە لەهەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق، حکومەتی تورکیا پشتگیریی لیستەکەی ئەیاد عەلاوی سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق دەکات و بۆئەو مەبەستەش ئامادەیی نیشانداوە هەموو هاوکارییەکی پێشکەش بکات.

بەبۆچوونی سەرچاوەکان هۆکاری ئەو پشتگیرییەی ئەنکەرە لەعەلاوی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەرەی تورکمانی بەسەرۆکایەتی (سەعدەدین ئەرگیج) چووەتە پاڵ لیستەکەی عەلاوی، "بۆیە حکومەتی تورکیا هاوکاری ئەو لیستە دەکات".

لەلایەکی ترەوە سایتی (کوردۆنیا) بڵاویکردووەتەوە "حکومەتی تورکیا بەبڕی یەک ملیۆن دۆلار هاوکاری بەرەی تورکمانی کردووە تاوەکو بۆ هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق سودی لێوەرگبرێت و ئامادەی هاوکاری عەلاویشە لەبەرئەوەی هاوپەیمانێتی لەگەڵ بەرەی تورکمانیدا کردووە".

سەرچاوەیەکی حکومی ئاگاداریش ئاماژە بەوەدەکات کە ڕێکەوتننامەیەک لەنێوان سوریاو ئێراندا واژۆکراوە بەمەبەستی پاڵپشتیکردنی (ئەیاد عەلاوی) بۆئەوەی ببێتە سەرۆکی وەزیرانی داهاتووی عێراق.

سەرچاوەکە ئاشکراشیکرد، ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی بەسەرۆکایەتی عەممار حەکیم هەوڵی ئەوە دەدات لایەنە سیاسییەکان ڕازی بکات پشتگیری ئەو هەنگاوە بکەن، "پێش ماوەیەک عەلاوی شاندێکی رەوانەی ئێران کردبوو بەمەبەستی ئەوەی پۆستی سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق بەدەستبهێنێت".

**گۆڕانکاری گەورە لەئاراستەکانی ئەنجومەنی ئیسلامیدا روویداوە، بەتایبەت پاش مردنی عەبدولعەزیز حەکیمی سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنەکەو دانانی کوڕە گەورەی ناوبراو، کە پێدەچێت ویستی کرانەوەی هەبێت بەرووی هێزە عەلمانییەکان**

### مالیکی و عەلاوی.. سەرەتای دژایەتیکردن

لەدەستپێکی ئەو گرژییەی کە خەریکە لەنێوان مالیکی و عەلاویدا سەرهەڵدەدات، عەلاوی دوورخستنەوەی پاڵێوراوەکانی بەبیانووی بەعسیبوونیان، خستە ئەستۆی مالیکی و وتی "ئەو هەوڵە بۆ داپۆشینی شکستەکانی حکومەتەکەی مالیکییە".

رۆژنامەی (روز ئەلیوسف) لەژمارە ١٤١٣ بەرواری ١٧ شوبات لەمیانی کفتوگۆیەکدا لەگەڵ ئەیاد عەلاوی بڵاویکردەوە؛ کە عەلاوی هۆکاری دورخستنەوەی کۆمەڵێک پاڵێوراوی لەهەڵبژاردنەکاندا گەڕاندۆتەوە بۆ داپۆشینی ئەو شکستانەی کە حکومەتەکەی مالیکی لەگشت بوارەکانی ئەمنی و خزمەتگوزاریی و دەرەوەدا دووچاری هاتووە، هەروەها بۆ دوورخستنەوەی ڕکابەرە سیاسییە بەهێزەکانە لەهەڵبژاردنەکاندا.

لەمیانی پرسیارێکی ڕۆژنامەکەدا سەبارەت بەئاساییبوونەوەی بارودۆخی عێراق بەبێ گفتوگۆکردن لەگەڵ بەعسییەکاندا، عەلاوی وتی "بەبێ ئاشتەوایی نیشتمانی و چاکسازی کۆمەڵایەتی و دەرچوون لەژێر ڕکێفی دەستتێوەردانی دەرەکی و وازهێنان لەتایەفەگەریی و حزب حزبێنەو دروستکردنی دەوڵەت لەسەر بنەمای نیشتمانی هەرگیز باری ئاسایشی عێراق جێگیرنابێت".

تائێستاش سەرکردەکانی ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقیی یەکگرتوو لەهەوڵی قەناعەتپێهێنانی ئەیاد عەلاویدان بۆئەوەی بچێتە نێو لیستە نوێکەیان، ئەمەش لەپێناو "بەگژداچونەوەی پرۆژەکەی نوری مالیکی لەدووبارە وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق".

### حەکیم و عەلاوی

ئەگەرچی ژمارەیەک لەسەرکردەکانی لیستی نیشتمانی عێراقی کە لەلایەن سەرۆک وەزیرانی پێشوو (ئەیاد عەلاوی)یەوە سەرکردایەتی دەکرێت، ئاماژە بەوەدەدەن کە لیستەکەیان رازیبووە بەچوونە نێو ئیئتیلافی نیشتمانی بەسەرکردایەتی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی، بەڵام لەدوا لێدوانەکانی خودی عەلاویدا ئەم هەواڵە رەتکراوەتەوەو بەنادروست لەقەڵەمدراوە.

ئەم دەنگۆیانە لەکاتێکدایە کە عەلاوی بەسیاسییەکی لیبراڵ ناسراوەو سەرۆکایەتی گەورەترین لیستی لیبراڵی عەلمانی نێو پەرلەمان دەکات (١٧ کورسی پەرلەمانی عێراق، پاش ئەوەی هەشت ئەندام لەلیستەکەی کشانەوە)، بۆیە بیروڕاکانی هێندە لەگەڵ ئیئتیلافە نوێکەی عەممار حەکیمدا یەکناگرێتەوە، ئەمە جگە لەوەی لەسەردەم حەکیمی باوکیشدا، ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی، عەلاوی بەبەعسی ناودەبرد.

چوونی عەلاوی بۆ نێو ئەو ئیئتیلافە نوێیە، نارەزایەتییەکی گەورەی لەناوەندی رەوتە لیبراڵیە عێراقییەکان لێکەوتووەتەوە، بەتایبەت لای ئەو کەسایەتیانەی پێشتر لەنێو لیستەکەی عەلاویدا (لیستی نیشتمانی عێراقی) بوون.

لەوبارەیەوە عیزەت شابەندەری وتەبێژی پێشوی لیستی عێراقیەی عەلاوی کە بەر لەچەند مانگێک، پاش دروستبوونی کێشە لەنێوانیاندا لیستەکەی جێهێشت، ئاماژە بەوەدەدات گەرهاتو عەلاوی چووە نێو ئیئتیلافە نوێکەی ئەنجومەنی ئیسلامییەوە، بەدڵنیاییەوە "مەبەستی دیاریکراو لەو هەڵوێستە لەئارادایە".

شابەندەر بەسایتی نیقاشی راگەیاند؛ عەلاوی لەکاتی سەردانێکی نهێنیدا بۆ ئێران لەمانگی ئابی ساڵی رابردوودا، چەند رێککەوتننامەیەکی لەگەڵ سەرکردە ئێرانییەکان ئەنجامداوەو بەپێی ئەو رێککەوتنامانە، لەرێی پاڵپشتیکردنی کوتلەی شیعیەوە، بەڵێنی پێدانی پۆستی سەرۆک وەزیرانی داهاتوو بەعەلاوی دراوە.

جێی ئاماژەپێدانە ئیئتیلافی نوێی نیشتمانی عێراقیی یەکگرتوو کە رۆژی ٢٤ی مانگی ئابی ساڵی رابردوو لەسەر پاشماوەی ئیئتیلافی شیعی بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی راگەیەندرا، جگە لەئەنجومەنی ئیسلامی، هەریەک لەڕێکخراوی بەدرو رەوتی سەدریی و حزبی فەزیلەو چەند حزبێکی شیعی تر لەخۆدەگرێت، ئەمە جگە لەکۆنگرەی سەحوەی عێراق (سوننە)و چەند کەسایەتیەکی سەربەخۆی تر لەگەڵ مانەوەی ئەگەری راکێشانی لیستەکەی عەلاویدان، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، ئەم لیستە نەیتوانی حزبی دەعوەی نوری مالیکی راکێشێتە ژێر باڵی خۆی، بەتایبەت کە ئەمەی دوایان بڕیاری بەتەنها بەشداریکردنی داوە لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتووی عێراق بەلیستێکی سەربەخۆ لەژێر ناوی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا.

پێدەچێت لێدوانەکانی چەند هەفتەی رابردووی سەرکردەکانی حزبی دەعوەی مالیکی، لەنێویشیاندا پەرلەمانتار حەسەن سنەید کە ویستی دووبارە هەڵبژاردنەوەی مالیکی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی راگەیاند، وای لەئەنجومەنی باڵای ئیسلامی کردبێت هەوڵی راکێشانی عەلاوی بدات وەک فشارخستنێک بۆ سەر لیستەکەی مالیکی، بەتایبەت کە دەنگۆی کاندیدکردنی عەلاوی بۆ ئەو پۆستە لەئارادایە. لای خۆشییەوە، شابەندەر ئەوە روونده‌کاتەوە؛ کوتلەی شیعی، دەیەوێت لەڕێی راکێشانی عەلاویەوە، گورزێک لەپلانەکانی مالیکی بداتو نەهێڵێت دووبارە پۆستی سەرۆک وەزیران وەربگرێتەوە.

### هەوڵەکانی عەلاوی بۆ سەرۆک وەزیران

ئەیاد عەلاوی سەرۆکی لیستی عێراقیی نیشتمانی، یەکەم سەرۆک وەزیرانی عێراقە لەپاش ساڵی ٢٠٠٣، بەڵام لەهەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ساڵی ٢٠٠٥دا نەیتوانی دووبارە هەڵبژاردنەوەی بۆ ئەو پۆستە مسۆگەربکاتو تەنها وەکو ئەندام پەرلەمان مایەوە کە زۆرێک بەپەرلەمانتارێکی رووکەشی ناودەبەن بەوەی ئامادەی کۆبونەوەکان نابێتو زۆربەی کاتەکانی، بەبیانووی چارەسەرکردنی پزیشکی، لەدەرەوەی وڵات بەسەر بردووە، بۆیە پێدەچێت چوونی بۆ نێو ئەو ئیئتیلافە نوێیە، فرسەتێک بێت بۆ بەدەستهێنانەوەی پێگەی سیاسی خۆی.

هەرچی لەبارەی ئەو هۆکارانەی ترەوەن کە سەرەڕای جیاوازی ئایدیۆلۆژی گەورەی نێوانیان، پاڵ بەعەلاوییەوە دەنێن بچێتە نێو ئیئتیلافەکەی ئەنجومەنی ئیسلامی باڵاوە، لەوبارەیەشەوە شابەندەر ئەوەی بەسایتی نیقاش وت "گەمەی سیاسەت مەبدەئو بەهاکان ناخوێنێتەوە، بەرژەوەندییەکان هاوپەیمانێتی سیاسی دیاریدەکەن، نەک نزیکێتی ئایدیۆلۆژی نێوان حزبەکان".

لەلایەکی ترەوە راسم عەبودی پەرلەمانتاری سەر بەلیستی عێراقیەی عەلاوی سەرجەم ئەو تۆمەتانەی شابەندەری رەتکردەوەو وتی "چوونی لیستەکەمان بۆ نێو ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقی مانای لادانمان نییە لەپەیڕەوی لیبراڵیەت وەک ئەوەی هەندێ لەسەرکردەی رەوتە لیبراڵیەکانی تر ئاماژەی پێدەدەن"، روونیشیکردەوە؛ رەنگە هاوپیمانێتییەکان جێی سەرسامی بن بۆ هەندێ لایەن، بەڵام ئەنجامەکان زیاتر سەرسامیان دەکەن".

هەر لەبارەی ئەم دەنگۆیانەوە، هەندێ لەسەرکردەی رەوتە لیبراڵییەکان، ئەگەری چوونی عەلاوی بۆ نێو کوتلەی ئیئتیلاف بە"هەنگاوێکی خراپ" وەسفدەکەن.

### نوجێفی: رێککەوتن لەگەڵ حەکیم گورزە

ئوسامە نوجێفی کە سەر بەلیستەکەی ئەیاد عەلاوییەو بەدژایەتیکردنی کوردو ئێران ناسراوەو خاوەنی گوتارێکی عەرەبچێتییە، دەڵێت "چوونی عەلاوی بۆ نێو کوتلەی ئیئتیلاف گورزێکی گەورەیە بەر رەوتە عەلمانیەکان دەکەوێت"، ناوبراو دەڵێت "هیوادارین رەوتە لیبراڵییەکان سوود لەکشانەوەی جەماوەرێتی حزبە ئاینییەکان وەربگرن، نەک ببنە هاوپەیمانو پاڵپشتی ئەو حزبانە کە بۆ هەتا هەتایە دروشمی تایفیان بەرزکردووەتەوە".

لەسەرو هەموو ئەو پێشهاتانەشەوە، لەلێدوانێکیدا بۆ دەزگاکانی راگەیاندن، ئەیاد عەلای سەرۆکی لیستی عێراقیی نیشتمانی، رەتیکردەوە کە لیستەکەی چووبێتە نێو ئیئتیلافە نوێکەی ئەنجومەنی باڵاو روونیشیکردەوە تائێستا هیچ گفتوگۆیەک لەئارادا نییە لەبارەی وەرگتنی پۆستی سەرۆک وەزیران.

لەهەمانکاتدا عەلاوی ئاشکرایکرد کە ئەو چوار خاڵو مەرجی هەیە بۆئەوەی هاوپەیمانێتی لەگەڵ هەر لایەنێکی تردا ئەنجامبدات کە بریتین لە: پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی فراوان کە سەرجەم رەوتە سیاسییەکانی عێراق بەجیاوازی نەتەوەو تایفە لەخۆبگرێت، بڕواهێنان بەبەرنامەی هەڵبژاردنی لیستی عێراقیە بەتایبەت لەڕیسواکردنی تایفەگەریی و دامەزراندنی دەوڵەتی یاساو دادوەریی و دواجاریش دووبارە پێداچوونەوە بەمیکانیزمی دەرکردنی بڕیار لەسەر بنەمای بەشداریکردنی سەرجەم ئەو کوتلانەی زیاتر لە١٥ پەرلەمانتاریان هەیە.

### گۆڕانکارییەکی گەورە

بەگشتی سەرەڕای ئەو نادۆستایەتییە تەقلیدییەی نێوان ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی کە هەڵگری دروشمی "نا بۆ گەڕانەوەی بەعسیەکان"ـە لەلایەکو سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی وەزیرانیش ئەیاد عەلاوی لەلایەکی ترەوە، بەڵام هەندێ ناوەندی نزیک لەئەنجومەن ئاماژە بەوەدەکەن؛ "گۆڕانکاری گەورە" لەئاراستەکانی ئەنجومەنی ئیسلامیدا روویداوە، بەتایبەت پاش مردنی عەبدولعەزیز حەکیمی سەرۆکی پێشوی ئەنجومەنەکەو دانانی کوڕە گەورەی ناوبراو عەممار حەکیم، وەک سەرۆکی تازە کە پێدەچێت ئەمەی دوایان ویستی کرانەوەی هەبێت بەرووی هێزە عەلمانیو رەوتەکانی تردا، تەنانەت وڵاتانی تری وەک سوریاش.

لەبارەی چوونی عەلاویش بۆ نێو ئەو ئیئتیلافە نوێیە، سەرچاوەیەکی ئاگادار بوونی رەوتی سەدرو کۆنگرەی نیشتمانی ئەحمەد چەلەبی بە"گەورەترین رێگر"ی بەردەم ئەو هاوپەیمانێتییە دەبینن، سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەشدا کە زۆر ئاستەمە رەوتی سەدری، رۆڵی ئەیاد عەلاوی سەرۆک وەزیرانی ئەوکات لەشەڕی نەجەفی ساڵی ٢٠٠٤دا لەبیربکەن، ئەمە جگە لەوەی ئەحمەد چەلەبی خاوەنی پرۆژەی ریشەکێشکردنی بەعس لەعێراق، تائێستاش نەوەستاوە لەتۆمەتبارکردنی عەلاوی بەوەی پاڵپشتیی بەعسییەکان دەکات.

### ئایا عەلاوی دۆستی کوردە؟

سەرچاوەیەکی ئاگادار ئاماژە بەوەدەکات، کە سەرجەم هێزە عێراقییە گەورەکان کۆکن لەسەر رەتکردنەوەی مالیکی کە دژایەتیکردنی شیعەو کوردی لەیەک کاتدا کردو ئێستاش راکێشانی عەلاوی و بردنەوەی دەنگی رەوتە عەلمانییەکان، پێگەی ئیئتیلافە نوێکە بەهێزتر دەکات لەشەڕی لابردنی مالیکی لەپۆستەکەی، "بۆیە پێدەچێت ئەگەری هاوپەیمانێتی نێوان عەلاوی و کوتلەی ئیئتیلاف بوونێکی بەهێزی هەبێت".

بەشێک لەچاودێرانی سیاسی باس لەوەدەکەن؛ بەشێوەیەک لەشێوەکان بوونی ئەو هاوپەیمانێتییە بەسوودو بەرژەوەندی هەردوولا دەکەوێتەوە، "چونکە لەلایەک پێدەچێت عەلاوی بەبەهێزی بێتەوە ناو گۆڕەپانی سیاسی و دووبارە ئەگەری وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆک وەزیرانی لەلادا دروستببێتەوە، لەلایەکی تریشەوە ئیئتلافەکەی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی، خۆی لەبەرگی تائیفی دەربازدەکات".

قەیس ئەلعامری پەرلەمانتاری کوتلەی تەزاموونی نێو ئیئتیلافە نوێیەکە دەڵێت "هەر لایەنێکی ناتائیفی و لیبراڵی بێتە نێو ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراقیی یەکگرتوو، ئیئتیلافەکە دووردەخاتەوە لەتائیفەگەری". لەبارەی عەلاویشەوە، ناوبراو وتی "گفتوگۆکان بەردەوامن، بەڵام تائێستا بڕیاری یەکلاکەرەوە نەدراوە".

### عەلاوی نەچوو بۆ ئێران

هاوکات سەرچاوەیەکی ئاگادار ئەوەی بەئاڵای ئازادی راگەیاند، ماوەیەک لەمەوبەر ئەیاد عەلاوی و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران گفتوگۆیان کردبوو بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران رازیبێت عەلاوی سەردانی ئەو وڵاتە بکات، بەڵام عەلاوی ئەو سەردانەی بۆ ئێران هەڵوەشاندەوە بەبیانووی ئەوەی کاتی ئەو سەردانە نییە.

سەرچاوەکە دوێنێ یەکشەممە پێی راگەیاندین، لەو سەردانەیدا دەبوایە عەلاوی باسی مەسەلەی دەستتێوەردانی وڵاتانی دراوسێی عێراقی بکردایە لەهەڵبژاردنەکاندا، "بەڵام بەبۆچوونی عەلاوی کاتی کردنەوەی ئەو باسە نییە لەئێستادا لەگەڵ ئێران، هەربۆیەش سەردانەکەی هەڵوەشاندەوەو پۆزشی هێنایەوە".

### دەستتێوەردانە دەرەکییەکان

پەرلەمانتارێکی عێراق پێیوایە هەوڵو دەستتێوەردانە دەرەکییەکان، لەرێگەی کۆمەککردنی دارایی لیستەکانەوە، کاریگەرییان بۆ سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی عێراق دەبێت. بوخاری عەبدوڵڵا ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لەپەرلەمانی عێراق ئاماژە بەوەدەکات؛ لەڕابردوودا وڵاتانی دراوسێ و هەندێ وڵاتی دیکە بۆ مەبەستی سیاسی و ئامانجی ستراتیژی خۆیان، خوێنی هاووڵاتییانی عێراقییان بەدەستی عێراقییەکان دەرشت، "ئێستاش بەهەمانشێوە لەرێگەی کۆمەککردنی ئەو لایەنە سیاسییانەوە کە لەناوخۆی عێراقدا خزمەت بەبەرژەوەندی ئەوان دەکەن، دەیانەوێت ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەو شێوەیەی کە دەگونجێت لەگەڵ بەرژەوەندی خۆیاندا بگۆڕن".

سەبارەت بەکاریگەری دەستتێوەردانی دەرەکی لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەتایبەتی لەبارودۆخی ئێستای عێراقدا بوخاری عەبدوڵڵا وتی "لەبارودۆخی ئێستای عێراقدا، کە هۆشیاری سیاسی و هۆشیاری دەربارەی گرنگی هەڵبژاردن لەنێو هاووڵاتییانی عێراقدا زۆر کەمەو ئاستی بژێوی خەڵک لەئاستێکی خراپدایە، بۆیە دەکرێت کاریگەری مادیی و کاریگەری مەعنەوی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان رۆڵی بۆ سەر هاووڵاتییان هەبێت و ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی رۆژی حەوتی مانگی داهاتوو بگۆڕێت".




دەنگۆی کاندیدکردنی عەلاوی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی داهاتوو لەئارادایە